

**وون بوون ( هۆنراوەی شالاو )**

**وەکو گەڵای ئەو درەختەم کە با دەیبا لە دوای پایــز**
**وەکو گوڵی ئەو نێرگزەم بە جێ مابێ لە دوای ئــازیز**

**وەکو دەریا شەپۆڵ دەدەم بە گریانم هـــــەراسانم**
**بەچواردەورم گێژەن دەخۆم چی بەسەرهات دەزگیرانم**

**دەزگیرانم وەکـــو پەری لـــە کەناری خۆر ئاوا بوون**
**بە بێ بزەی ماڵ ئاوایی لە دەستم دەرچووە بێ شوون**

**ئەورۆژانەی بەیەکەوە پەڕەی گوڵمان هەڵدەوەراند**
**ئەو ساتانەی لە لێوی یەک ماچی بەهـاریم دەچاند**

**ئەوساتانەی وەکـو سۆزی عەشقـی شەوی دووری وڵات**
**ئەو کاتانەی بەیەکەوە خەم لە بەر پێمان هەڵدەهات**

**ئێستا ئێرە ووشکە بۆ من وەکو وەرزی گـەڵا وەریو**
**ئێستا پێکـــی پەشیمانیم ئەنۆشم لــە داخی ئەوین**

**ئازارێکـــی پڕگریانم چاوی ڕۆژم قەت هەڵـــنایێ**
**برینێکـــی بە جێ ماوم لە دوای یارم کەچی نایێ**

**بگـــــەڕێوە تاکو دەستی باخچەو بەهار لێرە بگرین**
**بگەڕێوە لە غەریبی باچیدی بــــۆ یەکتر نەگرین**

**وەرەوە وەرەوە دەردی دڵ چـــــارەکـەین**
**دەردی دڵ گـــــرانە و بائیتر چارەی کەین**
**با ئیتر نەسووتێین هەردووکمان تاکـــو هەین...**